# ئاهەنگی ساڵی تازە لە هێلسینکی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

یەکشەممە ٣١/ ١٢/٢٠٠٦، کاتژمێر ١٧ تا ٢٤ لە شاری هێلسینکی (Malmin nuorisotalo ) ئاهەنگی سەری ساڵ بەبەشداری گەرموگوڕی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی دانیشتووی شارەکانی (ئینکۆ، پۆرڤۆ، لەهتی، هێلسینکی و هەرێمی پایتەخت بەڕێوەچوو.
لە سەرەتای بەرنامەدا هاوڕێ سۆران زەکی وەک ئەندامی شۆرای ناوەندیی ڕێکخراوی یەکیەتی ڕوناکبیرانی دێموکراتیکی فینلەند (د.س.ل) و وەک پاڵێوراوێکی سەر بە لیستی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند، وێڕای پیرۆزبایی ساڵی تازە و پێناسەیەکی کورتی(د.س.ل)، لێدووانێکی بوو سەبارەت بە گرنگی بەشدارییکردنی هاووڵاتیانی بەرەچەڵەک کۆچکردوو لە هەڵبژاردنی پارلمانیی فینلەند کە ٢٠٠٧/٣/١٨ بەڕێوەدەچێت.
هاوڕێ سۆران لە درێژەی قسەوباسەکەیدا ئاماژەی بە خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند کرد بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی فینلەند و بانگەوازی ئامادەبووانی کرد کە بە دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان لە لیستی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەندا، دەنگ بدەن بە بەرژەوەندی خۆیان و خەڵکی کرێکار و هەژاری ئەم وڵاتە.

ئینجا هاوڕێ ڕەحمان ئاهار، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوی ئینتگراسیۆنی کۆچکردووانی دانیشتووی فینلەند (سوموکۆ) وتەی پیرۆزبایی ڕێکخراوەکەی پێشکەش کرد. هاوڕێ ڕەحمان لە قسەوباسەکەیدا هیوای خواست کە ساڵی ٢٠٠٧، ساڵی یەکیەتی و ڕێکخراوبوونی هەرچی زیاتری مرۆڤی ژێردەستە و ساڵی پێشڕەویی هەرچی زیاتری بەرەی یەکسانیخواز و ئازادیخواز بێت لە سەرساسەری جیهاندا.

لە درێژەی بەرنامەکەدا هاوڕێ سۆران کەریمیان لەلایەن ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – فینلەند، هاوڕێ ماریا ئێرۆنێن ئەندامی شۆرای ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی فینلەند، هاوڕێ سەفین هەینی بەرپرسی ڕێکخستنی فینلەندی یەکیەتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق، هاوڕێ یوها کۆڤانێن بەرپرسی ڕێکخستنی شاری ڤانتای حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند وتەی پیرۆزبایی ساڵی تازەی ڕێکخراوەکانیان پێشکەش کرد و لە قسەوباسەکانیاندا داکۆکیان لەسەر ئەوە دەکردەوە ، کە گەیشتن بە خۆزگەی ساڵی تازەیەکی باشتر لە گرەوەی یەکیەتی و ڕێکخراوبوونی ناوچەیی و جیهانی چینی کرێکار و خەڵکی چەوساوە دایە.
لە کۆتایی بەشی یەکەمی بەرنامەکەدا بەڕێز سۆما ئیبراهیمی شێعری (من نامەوێ) ی بە زمانی فینلەندی پێشکەش کرد، کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئامادەبووان بەرەوڕوو بوو.
ئینجا منداڵێک بەناوی کۆژین زەکی بە لێدانی کەمانچە و پێشکەشکردنی چەند ئاهەنگێک، پەیامی مۆسیقایی منداڵانەی ساڵی تازەی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی گەورە و بچووکی ئاهەنگەکە ڕوبەڕو بوو.
دوای پێشکەشکردنی وتەی پیرۆزبایی لایەنەکان، بەرنامەی گۆرانی و هەڵپەڕکێی جۆراوجۆر دەستی پێکرد، کە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەشەوی خایاند. لە میانەی ئاهەنگەکەدا خواردنی بەخۆڕایی و شیرینی ساڵی تازە پێشکەشی ئامادەبووان کرا و منداڵانیش بە بەرنامەی تایبەت بەخۆیان و یاری جۆراوجۆر شەریکی خۆشی جەژنی ساڵی تازەی دایکان و باوکانیان بوون.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسی خۆمان بنێرین بۆ هاوڕێیان ڕەحمان ئاهار و ئەجی کەریمی، کە بەبێ ماندوبوونی بێوچانی ئەوان ئەم ئاهەنگە سەرکەوتوو نەدەبوو.

**جارێکی تر ساڵی تازەی هەمووڵایەک پیرۆز بێت!**

یەکیەتی ڕوناکبیرانی دێموکراتیکی فینلەند DSL
dsl@kolumbus.fi
ڕێکخراوی ئینتگراسیۆنی کۆچکردووانی دانیشتووی فینلەند SUMUKO
sumuko2003@hotmail.com

٢٠٠٧/١/٢